




## پێڵاوی ڕەنگاوڕەنگ

پێڵاوەکان تەواوکەری جلوبەرگ و بەشەکانی دیکەی پێداویستی جوانییە، تەنانەت ئەگەر دەستە جلێکی نایاب و مایکاپێکی نازدارت کردبێت، ئەگەر پێڵاوەکەت لە ئاستی جل و ماکیاژەکەت نەبێت، کەواتە جوانیت شێواو دەبێت، لە وەرزی هاویندا، زیاتر کەرەستە و کەلوپەلی ڕەنگاوڕەنگ باو دەبن، بۆ پێڵاویش هەمان بیرۆکە دروستە، کەرەستەی ڕەنگاوڕەنگ سەرەنجڕاکێش و دیارن، بەهۆی ئەوەی لە وەرزی هاویندا جلی کورت و تەنك دەپۆشرێت، بەم چەشنە بەشێکی زۆری پێڵاوەکان دیار دەبن، ئەو ڕەنگانەی باون بۆ پێڵاوەکان، بریتیین لە: زەرد و سوور

## پانتۆڵەکان لوتکەی جوانیی هەموو وەرزێکن









پانتۆڵەکان، لە هەموو کات و ساتێکدا گونجاون، دەتواندرێت بۆ گەشت و دەرچوون و ئاهەنگ بۆنەکانیش بپۆشرێت، جگە لەوەی وەك کەرەستەیەکی خۆش و کراوە لەبەر دەکرێت، جەستە چوست و چالاك دەکات و وەك تەنوورە نییە هەندێ بێزارکەر بێت، مۆدە تازەکانی پانتۆڵەکان بۆ وەرزی هاوین لە چەندین مۆدەدا خۆیان دەبیننەوە، لەوانە: کورت و درێژ، هەروەها پانتۆڵی کراوە و تەسك، بەڵام زیاتر لە وەرزی هاویندا بەهۆی بەرزیی پلەکانی گەرماوە، پانتۆڵی کراوە باوە، چونکە بێزارکەر نییە و نابێتە هۆی ئارەقە کردن، لە مۆدی ئەمساڵدا گرنگی بە پانتۆڵی شێوازی چارڵس درا، ئەوەی بە چارڵستۆن ناسراوە، کە لەلای پێ و سەر ئەژنۆکاندا بەرین دەبێتەوە، ئەو شێوازە ناسك و سەرنجڕاکێشە، جگە لەوەی پێڵاوەکانیش ون دەکات، هەروەها مۆدێکی کراوە و باوە، مەرجە قوماشی پانتۆڵەکان لە قوماشێکی نەرم و ناسك بن، هەروەها دەتواندرێت بە پشتێنی باریك و ئەستوور زیاتر ڕازاوەتر و ناوازەتر بکرێت، تۆی خانمیش دەتوانی پانتۆڵەکان لەگەڵ بەدی و کراس و عەزی بپۆشیت، هەروەها لەگەڵ چاکێت بۆ کاتی فەرمی و شوێنی گرنگ مۆدێکی ناوازە بە دەست بهێنیت.





## ـــــــــۆدی شیکی وەرزی هاوینە

و شین و پرتەقاڵی و وەنەوشیی، ئەو جۆرە رەنگانە بۆ کاتی دەرچوون و ئاهەنگ و بۆنەکان زیاتر باون، بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ پانتۆڵ، یان عەزییەی کورت لەپێی بکرێن، کە زیاتر دیار دەبن، بۆیە تۆش هەوڵبدە پێڵاوەکانت لە وەرزی گەرمادا لە پێڵاوە رەنگاورەنگەکان بن، گرنگە بتوانیت رەنگی پێڵاوە رەنگاورەنگەکانت لەگەڵ پارچەیەکی جلەکەت، یان رەنگی خشڵەکانت هاوشێوە و هاورەنگ بن، بەم جۆرە دەتوانیت مۆدێکی شیك بە پێڵاوە رەنگاورەنگەکان بدەیت و جوانییەکی سەرنجراکێش دەستەبەر بکەیت.



## ئەو نەریتانەی روخسارت بە نەشیاوی دەردەخەن

چەندین نەریتی رۆژانە هەن، کە رەنگە هەستیان پێنەکەیت و ببنە هۆی نەشیاویی پێستی روخسار و لە چرچ و لۆچی نزیکیان بکاتەوە، پێستی روخسار هێندە ناسکە ئەگەر بۆ چەند کاتژمێرێك لەسەر سەرین بە نارێکی بخەویت، ئەو رۆژە تا ئێوارە دەقی سەرینەکە لەسەر روخسارت بە دیار دەبێت، ئەوە وتەکانی (دکتۆرە رێخا تایلۆر)ە، کە پسپۆری بواری نەشتەرگەری و جوانکاریی پێستە، ئەو خاتوونە پێیوایە: چەندین نەریتی سادەی رۆژانە دەبنە هۆی پەیدابوونی چاڵ بوون و چرچ و لۆچی لە روخساردا، بە تایبەت لە دەوروبەری دەم و سەر روومەت و ژێر و سەر چاوەکان، ئەو نەریتانەی ئەو پسپۆرە ئاماژەی پێکردوون بریتیین لە: نەشیاوی لە خەوتندا، کە بەشێکی روومەت، یان دەم بە خوار و خێچی بکەوێتە سەر سەرین، زۆر بیرکردنەوە و نیگەرانی، هەروەها لە کاتی وێنەگرتنی سێلفیدا، کە دەم بە جۆرێك بچووك دەکرێتەوە بەشێکی زۆری ماسوولکەکانی دەوروبەری لێو بە شێوازێکی کاریگەردا تێدەپەڕن، کە هەندێ جار رۆژانە لەوانەیە بۆ زیاتر لە (١٠) جار ئەو حاڵەتە دووبارە ببێتەوە، لە کاتی ماکیاژکردن کە دەم و چاو بە جۆرێکی نەشیاو دەبن، هەروەها لە کاتی خواردنەوەکاندا، کە بە قەصەبە شلەمەنی دەخۆیت، لەو کاتە لێو و روخسار دەقێك وەردەگرێت و بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە، دەستلێدان لە دەم و رومەت کاریگەریی باشی نابێت بۆ روخسار، هەروەها شووشتن بە ئاوی شلەتێن و گەرم، کاریگەریی لەسەر شێواندنی جوانیی روومەت و دەم و دەوروبەری چاو دروست دەکات.





## شێوازی تـــــــــ

وێنەگرتن چرکە ساتێکە، بە کامێرا و وێنەکێشان بۆ یادگاری دەمێننەوە، شێوازەکانی وێنەگرتن زۆرن، زیاتر بە شێوەی فەرمی و شێوازی سەرنجڕاکێش وێنەکان دەگیرێن، ئەوەی لە پێشوودا باو بوو، وێنە لەگەڵ سرووشت و کەرەستەکان و شوێنە گشتییەکان دەچرکێندران، بەڵام ئەو وێنەگرە نایجیرییە شێوازێکی تازەی وێنەگرتنی داهێناوە، ئەو وێنەگرە ناوی (تۆما ئۆسۆلا)یە، پێی وایە، شێوازی وێنەگرتنی کۆن بێزارکەرە، کە تەنیا



## کوردستان لە چاوی گـــــــــ

کوردستان وەك هەر وڵاتێکی جیهان بۆتە ناوەندێکی گەشتیاری بە رووی گەشتیارانی ناوخۆ و وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت زۆربەی هاوڵاتییانی وڵاتانی ئەوروپی و جیهانیش، جوانیی سرووشت و سەرچاوە و شوێنەوارە دێرینەکان و قەڵا و کولتووری کوردی و چاکەی ئەو خەڵکە، وایکردووە کە کوردستان ببێتە جێی سەرنجی گەشتیاران، ڕۆژانە لە شوێنە گشتییەکان خەڵکی بیانی بەرچاو دەکەون و وێنە لەگەڵ ئەو شوێنانە دەگرن کە پێی سەرسامن، یەکێك لەو گەشتیارە بیانیانەی کە کۆمەڵێك وێنەی جوانی کوردستانی گرتووە ناوی (لیزا ماری کویلی) یە، کە فۆتۆگرافەرە و تەمەنی (٢٦) ساڵە و دانیشتووی شاری هامبورگی ئەڵمانیایە، لە دیدارێکی بچووکدا ئاماژەی بە جوانیی کوردستان کرد و لەسەر گەشتیاریی کوردستان دەڵێ: «ئەو کاتەی گەیشتمە کوردستان شەو بوو، دیمەنێکی جوان و بێدەنگ و کەشوهەوایەکی خۆشی هەبوو، ڕۆژی دواتر دیمەنە جوانەکانی سەر قەڵای هەولێر سەرسامیان کردم، کە چەندین وێنەی ناوازەم لێ گرتوون، دواتر سەردانی شاری سلێمانیم کرد، بە ناوچە گەشتیارییە جوانەکانی کوردستاندا تێپەڕیوم، کە خەڵکی



## کڵاوی منارە

دیزاینەرێکی سەنیگالی بە ناوی (میونە گرێسی) چەندین شێوازی کڵاوی دروست کردووە، کە بۆتە جێگەی ڕەخنە و سەرنج، کڵاوەکان لە شێوازی منارەی مزگەوتن، بیرۆکەی ئەو جۆرە کڵاو و جلە، وەك کچە دیزاینەرێکی موسڵمان لە ڕێگەی کڵاوەکانەوە بانگەشەی بۆ منارەکانی مزگەوت کردووە، وەك چۆن نەخش و دیزاینی دیکە لەسەر ئارم و مارشی ئایینەکانی دیکە دروست دەکرێن، ئەوەی سەیرە کڵاوەکان هێندە بەرزن دەگەنە نزیکەی (٢) مەتر، پرۆژەکەی بەناوی (Minarets hats)ە، بەم شێوازەی کارەکانی بەشداری لە چەندین نمایش و کاری هاوبەشی هونەر و دیزایندا کردووە، ئەو کچە ئێستا لە وڵاتی ئیتاڵیا دەژی، هەر لەوێشەوە نمایشێکی بۆ بەرهەمەکانی کردووە، هەرچەندە کڵاوەکە بۆ دەرەوە نابێت، بەڵام وەك بوارێکی دیزاینی تازە کڵاوی منارەی بە نمایشەکانی جلوبەرگ ناساند.





## ـــــــازەی وێنەگرتن

پێکەنینێکی تێدایە، یان بە فەرمی وەستاون، شێوازە تازەکانی ئەو وێنەگرە، شێوازی جۆراوجۆرە، کە لە پێشتر نەبووە، یان دەگمەن بووە، جوانترینیان زمان دەرهێنان و گلۆپی بنێشتی دەمە، وێنەگرەکە دەڵێ: «پێویستە سوود لە هەموو جووڵە و شێوازەکانی روخسار و جەستە ببینرێت، تا لە وێنەکاندا بە جوانی دەربکەوین، ئەو شێوازە تازەیە سەرەتا نامۆ دەبێت، بەڵام لە داهاتوودا دەبێتە حاڵەتێکی ئاسایی.

## ـــــــەشتیارانی بیانیدا



سادە و خۆشەویست لە پێشوازیتدان، کەس نییە بە چاوێکی خراپ سەیرت بکات، یان کاری نەشیاوت بەرامبەر بکات، تەنانەت کە دەزانن خەڵکی بیانیت زیاتر ڕێزت دەگرن و لە دۆزینەوەی شوێن و ئوتۆمبێل و هوتێل هاوکاریت دەکەن، وەك ڕێبەرێکی گەشتیاری بێ بەرامبەر خزمەت و ڕێنوێنیی گەشتیاران دەکەن، زیاتر لە (١٥) ڕۆژم لە کوردستان بەسەربرد، ئەرشیفی وێنەکانم پڕ کرد لە وێنەی جوانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بە جۆرێك کە نیشانی هاوڕێیانم دەدا، ئەوانیش بە جۆشەوە سەیریان دەکرد، بە نیازم دووبارە سەردانی ئەو وڵاتە جوانە و ئەو خەڵکە خۆشەویستە بکەمەوە، کە لەگەڵیاندا هەست ناکەیتووك گەشتیار لە وڵاتێکی دیکەیت، بەڵکو وا هەست دەکەی کە خۆت خاوەن ماڵی».

کاساندرا دی پیکۆلیش کچە گەنجێکی تەمەن ٢٨ ساڵەی ئەمریکییە وەك گەشتیارك رووی لە کوردستان کردووە،ئەو لەماوەی ١٨ مانگ و ١٠ ڕۆژ سەردانی ١٩٦ وڵاتی کرد، یەکێك لە سەردانەکانی بۆ شاری هەولێر بووە و وێنەکانیشی لەسەر قەڵای هەولێر گرتووە، لەبارەی شاری هەولێرەوە لە کتێبەکەیدا هەولێر و قەڵاتی زۆر جوان وەسف کردووە و باسی ئەمن و ئاسایشی هەولێری کردووە و دەڵێ: «زۆرترین چام لە هەولێر خواردووە».



## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات، کە هۆکاری دەرەکی وایان لێ دەکات چاو و مێکشیان لە دەست بدەن، وەك سەروەت و سامان و پابەند بوون بە ژیان و ئالوودە بوون بە هەندێ سەرکێشییەوە.



## تابلۆی وێنە بە کێڵگەی کشتوکاڵ

چینییەکان، جگە لەوەی لە بوارەکانی زۆری خەڵك و تەکەنەلۆژیا و کارگە و ڕووناکی و ئەلیکترۆنی پێشەنگن، وادیارە دەیانەوێت لە بواری کشتوکاڵیشدا داهێنان و کاری ناوازە بکەن، دواجار کێڵگەکانیان وەك تابلۆی وێنە و شێوازی هونەری لێ کردووە، ئەگەر بە ئاسمانی ئەو وڵاتە گەشت بکەیت و لە نزمیدا بفڕیت، دەبینیت کە زۆربەی کێڵگەکانیان تابلۆیەکی هونەریی و وێنەن، هەر بۆیە فەرمان بە فڕۆکەکانیان کراوە ئەوانەی بەسەر ئەو کێڵگانەدا تێپەڕ دەبن، لە نزمیدا بفڕن، تا گەشتیاران ئەو کێڵگە هونەرییانە ببینن، ئەو کێڵگانە دەکەونە ناوچەی (شنگیانگ) کە دەکەوێتە باشووری وڵاتی چین، ڕووبەری شوێنەکە (٨) دۆنمە و بۆتە یەکێك لە جوانترین و سەیرترین تابلۆی کشتوکاڵی، زیاتریش وێنەی گیانداران و پاندا و کولتووری چینی و کۆنگفۆ بەسەر کێڵگەکانەوە نەخشێنراوە، شێوازی وێنەکێشانەکەش بە جیاوازیی ڕەنگی برنج و بەروبوومی کێڵگەکەیە، تا تابلۆکە دەربچێت.



## نوکتە

پیاوێك بە ئۆتۆمبێل تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەبێت، تەلەفۆن بۆ ژنەکەی دەکات و دەڵێ: ئافرەت تووشی حادیسەی ئۆتۆمبێل بووم لەلای بازاڕە تازەکە، ئافرەتەکەش دەڵێ: بازاڕی تازە لە کوێ کراوەتەوە نەمزانیوە.

## بیرکردنەوە و فەلسەفە

### ڕێبازەکەی ئێپیکۆر

نووسینی: ڕۆژگار خالید

نزیکەی ٣٠٠ ساڵ پێش هاتنی مەسیح قوتابخانەیەکی فەلسەفی لە ئەسینای کۆن دامەزرا، لەسەر دەستی فەیلەسووف ئێپیکۆر. خەڵك لە بارەی ڕێبازەکەیەوە دەڵێن: خۆی و قوتابییەکانی لە باخچەیەکدا کۆدەبوونەوە، لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێت « فەیلەسووفەکانی باخچە « یا ئێپیکۆرەکان، لەسەر دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەو باخچەیەش چەند وشەیەك هەڵکەندرا بوو، وەك «ئەی نامۆکان لێرەدا بەباشی مامەڵە بکەن، لێرە چێژ ترۆپکی باشییە» ئەو ڕێبازە دۆزینەوەی شێوە ژیانێکی باشتر بوو، هەر بۆیە ئێپیکۆر خاڵێکی گرنگی دووپات دەکردەوە و دەیگوت: «نابێت تێرکردنی ئارەزوو کاریگەری لاوەکیمان لەبیر بباتەوە، دەبێت تێرکردنی ئارەزووی کاتیی خۆی لەگەڵ ئارەزووی گەورەتر و بەردەوامیش بگۆڕێتەوە». زۆربەی ئەو کەسانەی دەهاتنە باخچەی ئێپیکۆر ئەو کەسانە بوون ترسی دینییان هەبوو، تیۆرەکەی ئەویش دژی خورافیات بەکاردەهات، ئەم جۆرە کەسانە ڕادەهێنران کە ژیانێکی باشتر بژین. هەر بۆیە زۆر بە سادەیی دەیگوت: «مردن پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، چونکە

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

هەمیشە لە بیرکردنەوەی تازەدا بژی، چاودێریی دەوروبەرت بکە و مەهێڵە کاریگەرییان لەسەرت هەبێت، بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام ئارام بگرە و ژیانت تێك مەدە، هەر چەندە ئەو کەسانەت لەبیر کردووە کە تۆیان لەلا گرنگە، بەڵام دڵنیابە ئەوان لە یادیان نەکردووە. هەولأ بدە گرنگیی زیاتر بە خۆشەویستانت بدەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

خەمێکت هەیە ماوەیەکی زۆرە پێوەی سەرقاڵی، بۆیە دەبێ چارەسەری بکەیت، پێویستە بە هێمنی بیر بکەیتەوە و کارێك مەکە پەشیمان ببیتەوە. لە بۆنەیەکی گرنگدا بەشداری دەکەیت کە لەلایەن دەوروبەرەکەتەوە دەبێتە جێی گرنگیپێدانێکی باش، بیرکردنەوە و کاتەکانت بە فیڕۆ مەدە، چونکە لە داهاتوودا کایگەریی خۆی دەبێت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەگەڵ ئەوەی ئەم ماوەیە چەندین ئەرك و چالاکیت ئەنجامداوە، بەڵام ئەنجامەکانت بە دڵت نەبوون، بۆیە خۆت بێ ئومێد مەکە و دووبارە هەوڵیان بۆ بدەرەوە، بە بەردەوامی گرفتەکانت بەرەو کۆتایی دەچن و باری دەروونیت تا ڕادەیەك ئارام دەبێت، دڵتەنگ مەبە باری دارایی‌ت باشتر دەبێت و لە داهاتوودا بەرەو خۆشبەختی دەچیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

کەسێکی گەشبینیت و دەبێ هەمیشە بەو شێوەیە بژیت، شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ دەوروبەرت توندە و ئەوەش کاریگەریی لەسەر داهاتووت دەبێت، دوورەپەرێز مەبە و هەوڵبدە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت تێکەڵ بە، خۆت بە شتی بچووکەوە خەریك مەکە، لەبەرئەوەی ئەم ماوەیە بەخت یاوەرتە و خۆشی ڕووت تێدەکات.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام خەریکە دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە دەتەوێت، کەسێکیت کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی کەسانی دیکە سەرکەوتووی و بۆ کاری خۆت سەرت لێ دەشێوێت، بۆیە نابێت بێ ئومێد بیت، بەم زووانە دەرفەتێکی ترت بۆ ڕێك دەکەوێت، دەتوانیت قەرەبووی ڕابردوو بکەیتەوە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢


بیرکردنەوەت بۆ داهاتوو جیاوازە و ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە جێبەجێی بکە، ئەم ماوە بێزاری و بێتاقەتیت پێوە دیارە، خەمێکت هەیە نابێت وا بیربکەیتەوە کە چارەسەری نییە، ئەم دوودڵی و ڕاڕاییەت هیچ پێویستی بە نیگەرانی نییە و ترس و دوودڵیت لە خۆڕاییە، ئامۆژگاریی کەسانی ناو خێزانەکەشت زۆر بەسوود دەبێت بۆت.





# نمایش ڕۆیشتن بەسەر گوریس لە بەرزایی ئاسماندا

ڕۆیشتن بەسەر شوێنی بەرزدا هەستێکی ترسناك بە مرۆڤ دەدات، تەنانەت ئەگەر دیوارێکی پانیش بێت، ترس دادەگرێت و ناتوانیت بە سانایی جووڵە بکەیت، کەچی ئەو دوو خوشك و برایە لەسەر تەلێك و لە بەرزاییەوە نمایشەکانیان پێشکەش دەکەن، هەر یەکە لە (نیك و لیجانا والیندا)ی خوشك و برا، لە بەرزایی (٢٥) نهۆمەوە بەسەر گوریسێکی باریکەوە دێن و دەچن، نمایشەکەیان لە نێوان باڵەخانەکانی هەڵکەوتوو لە (تایمز سکوێر)ی ویلایەتی نیویۆرك جێبەجێ دەکەن، تیمێکیان پێکهێناوە بە ناوی (فڕینی باڵندەکان)، ئەوەی سەیرە بەیەکەوە و لە دوای یەکتر نمایشەکان پێشکەش دەکەن، بەبێ گوێدانە کەوتن و مەترسی لەسەر ژیانیان، نمایشەکەیان لە بەرزایی (٣٩٦) مەترەوەیە، کە هەر هەڵە و جووڵەیەکی نەشیاو دەبێتە هۆی کارەسات و مردن، تا ئێستا زیاتر لە (١٠) نمایشی لەم جۆرەیان لە شارە جیاجیاکانی وڵاتی ئەمریکا پێشکەش کردووە.



## پەند و وتە

ڕالف واڵدۆ ئیمێرسۆن، وانەبێژی ئەمریکی و فەیلەسووف و شاعیر، لە دایکبووی ساڵی (١٨٠٣) لە ویلایەتی ماساسیتسی ئەمریکییە، لە ساڵی (١٨٨٢) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هەستەکان دەڵێ: «هەستەکان زمانێکی بێدەنگن، ئەگەر دەرینەبڕیت، گوێشت لێی نابێت، ئەگەر بە هەڵە دەریببڕیت، هیچت دەستناکەوێت لەوەی مەبەستتە.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا کەسێك هەیە، کە لە دەوروبەریدا چەندین نەخش هەیە، تۆش هەوڵبدە بزانیت نەخشەکان لەسەر وێنەن، یان لەسەر دیوار نەخێشندراون.



## ـــــەفە

تاوەکو بژین مردن بوونی نییە، کاتێکیش کە مردین ئەوسا چیتر ئێمە بوونمان نییە». فەلسەفەی ئێپیکۆر ڕەها کردنەکەی خۆی ناو نابوو چوار گژوگیای چاکبوونەوە، بەم شێوەیە: خوداکان جێگەی ترسمان نین، مردن ئەوە ناهێنێت نیگەرانی ببین، ئاسانە باشی بەدەست بهێنین، ئاسانە بەرامبەر ترس خۆڕاگرببین. لەپاش ئێپیکۆر زۆربەی ئێپیکۆرەکان بوونە لایەنگری تێرکردنی ئارەزووەکانیان و دروشمەکەشیان بوو بەوەی (لە کاتی ئێستادا بژی).

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە دوای هەرکێشەیەك ڕێکاری چارەسەر هەیە، ئەو کاتەی پێویستت بە کەسێکە ئەو ئامادە نییە هاوکاریت بکات، بیرکردنەوەت جیاوازە بۆ داهاتوو، بەڵام ئەنجامی ئەم جموجووڵەی دواییت ڕوون نییە، گرنگی بە کارەکانی خۆت بدە و پێویستە دووبارە هەوڵ بدەیتەوە، چونکە بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئاماژەکان وا نیشان دەدەن بەرەو سەرکەوتن هەنگاو هەڵدەگریت، خۆت وا هەست دەکەیت کە کەسێکی ژیر و بە توانای بەڵام ڕێگەت نادەن کارەکانت جێبەجێ بکەیت، ڕاستە کە کەسێکی بە هەستی لە پاراستنی نهێنیی کەسانی دیکەدا، بەڵام متمانە بە هەموو کەسێك مەکە تا لێی نزیك دەبیتەوە، پاشان بزانە ئەو کەسە چی لێت دەوێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوەکارەی ماوەیەکە چاوت لەسەری بوو بەم نزیکانە بۆت دەستەبەر دەبێت، کەسانی دەوروبەرت ناهێڵن کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکەیت. هەوڵ مەدە ڕای خۆت بە سەر کەسانی دەوروبەرتدا بسەپێنی، لەوانەیە ئەمە زیان بە ئایندەت بگەیەنێت و گلەیی وگازاندەی هاوڕێکانت زیاد بێ لەسەرت، باشتروایە بە وریاییەوە مامەڵە بکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ماوەیەکە کەسانی دەوروبەرت لە بۆچوونەکانت تێناگەن و کارەکانت بە هەند وەرناگرن، بۆیە پێویستە لەسەر خۆ بیت و بە نەرمی ڕەفتار بکەیت، کەسێك دەیەوێت هاوکاریت بکات،هەوڵبدە زیاتر لەو کەسە نزیك بە و بزانە هەستەکانی چۆنە بۆت، کارەکانی داهاتووت ئەنجامی چاکی لێدەکەوێتەوە و لێی سوودمەند دەبێت، ئەم هەلە باش بقۆزەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەو کێشانەی ماوەیەکە تووشت بوون لە کاتێکی دیاریکراودا چارەسەر دەبن، هەوڵبدە کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکەیت، هەمیشە بیر لە خۆت بکەرەوە، چونکە داهاتووت بەرەو گۆڕانکاری دەچێت و پێویستت بە هەنگاونانە، کاتی خۆت بەبیرکردنەوە لەم زەرەر و زیانانەی کە پێشتر لێت کەوتوون بەفیڕۆ مەدە، چونکە ڕابردوو ناگەڕێتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

مامەڵەکردنت لەگەڵ دەوروبەرت گونجاوە و هەردەم لەگەڵ خزم و دۆستانت بە ئاسوودەیی بیر دەکەیتەوە، هەستت بەرامبەر کەسانی دیکە زۆر باشە، کەسێك تۆی دەوێت و تۆش ئەوت ناوێت، ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، ئەوا چاوەڕوانیتان بەم زووانە کۆتایی پێ دێت و خۆشی لە دەرگات دەدات، بۆیە گەشبین بە.